## ڕێبەری پێنجەم - وانەی دووەم

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ئینجیلی مەرقۆس |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز ( مەرقۆس ٤: ٢٠- ٧: ٣٧) لەگەڵ ڕەچاوکردنی کات باشترە بەشداریکردنەکان کورتخایەن بن .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) ڕاستودروستی : ١پەترۆس ٢: ١١ |

دوو بەدوو پێداچوونەوە بکەن : پاکی و بێگەردی : ١پەترۆس ٢: ١١

| | |
|---|---|
| ٤ | وانەی کتێبی پیرۆز (٨٥ خولەك) پێشەکی لە یۆحەنا |

هەموو شایەتە کتێبیەکان لە ئینجیلی یۆحەنادان ( مەگەر وەك پێویست ئاماژە بە بەشێکی تر کرابێت ).
**بخوێننەوەو پێکەوە گفتوگۆی** ئەم لێکۆڵینەوەیە بکەن.

### (أ) نوسەری ئینجیلی یۆحەنا

نوسەری ڕاستەقینەی ئینجیلی یۆحەنا خودایە، ڕۆحی پیرۆز ( ٢ تیمۆساوس ٣: ١٦، ٢پەترۆس ١: ٢٠- ٢١). بەڵام نوسەری مرۆڤانە یۆحەنای نێردراوە.

## ١- نوسەر جولەکە بوو.

**(أ) نوسەر بە تەواوی شارەزا بوو لە تۆپۆگرافی ئیسرائیل.**

بۆ وێنە ، ئەو شارەزای شوێنەکان بوو وەك قانا و کەفەرناحوم و بەیت سەیدا لە جەلیل و عەین نون لە نزیکی سالیم ( ٣: ٢٣)، وە گوندی ئەفرایم ( ١١: ٥٤) ، وە ئۆرشەلیم بە تایبەتی ، ئەو هەروەها بەیت عەنیا ی پێدەزانی ئەوبەری ئوردون ( ١: ٢٨) جیاوازە لەو بەیت عەنیایەی سێ کیلۆ مەتر دوورە لە ئۆرشەلیم ( ١١: ١٨).

**(ب) نوسەر شارەزابوو لە بارودۆخی سیاسی ئەو کاتەی ئیسرائیل .**

بۆ وێنە ، ئەو دەیزانی کە زۆرینەی جولەکە ئەو کات لە نێو بت پەرستاندا دەژیان ( ١١: ٥٢)، وە جولەکەکان تێکەڵاوی سامیریەکان نەدەبوون ( ٤: ٩)، وە ڕۆمەکان حوکمڕانی جولەکەیان دەکرد ( ١١: ٤٨ ). هەروەها دەیزانی کە ئەنجومەنی باڵای جولەکە هیچ دەسەڵات و پێگەو نفوزێکی سیاسی نەبوو بۆ فەرمانی لەسێدارەدان لەسەر هیچ کەسێك ، دەسەڵاتداری ڕۆمەکان ئەو دەسەلات و نفوزەی هەبوو ( ١٨: ٢٨، ٣١).

**(ج) نوسەر شارەزای تەواوی پەیمانی کۆن بوو.**

ئەو شارەزای پەیمانی کۆن بوو بە زمانەکانی عیبری و یۆنانی چونکە هەردوو زمانەکەی بەکاردەهێنا لە وەرگیراوەکانیدا.

(د) نوسەر ئاماژە دەکات بۆ بڕواو بۆچوونە ئاینیەکانی جولەکەو سامیریەکان.

لەمبارەیەوە بۆ وێنە : چونکە ڕزگاری لە جولەکەوەیە ( ٤: ٢٢)، وە ( باوکانمان لەسەر ئەم چیایە کڕنوشیان برد { چیای جەرزیم } ، بەڵام ئێوە ئێوە دەڵێن ئۆرشەلیم ئەو شوێنەیە کە پێویستە پەرستنی لێ بکرێت ( ٤: ٢٠).

**(هـ) نوسەر شارەزای جەژنە ئاینیەکانی جولەکە بوو.**

بۆ وێنە لەمبارەیەوە : " ڕۆژی ئامادەکاری" (١٩: ٣١)، وە " جەژنی پەسەخ" ، وە "جەژنی کەپرەشینە" ( ٧: ٢)، وە "جەژنی هەنوکە" نوێکردنەوەی پەرستگا ( ١٠: ٢٢).

**(و) نوسەر ئاماژە بە نەریتەکانی جولەکە دەکات و بە شێوەیەکی ئاسایی شیکاری بۆ دەکات .**

بۆ وێنە ، لەو سەردەمەدا نەریتی جولەکە بۆ هاوسەرگیری دەبوو شەرابە هەرە باشەکەیان سەرەتا پیشکەش بە میوانەکان بکردایە ، دوای ئەوە شەرابە هەرزانەکە ( ٢: ١٠). هەروەها لە نەریتەکانی جولەکە دەربارەی مەراسیمی ناشتنی مردوو دەبوو تەرمەکە بە کەتان و بۆنی خۆش بپێچرێتەوە ، هەروەها ڕوخساریشی بە دەسماڵ ، وە دەبوو لە ئەشکەوتیك یان گۆڕێك بنێژرێ و بە بەردێکی گەورە ڕووی گۆڕەکە یان ئەشکەوتەکە دابخرێت ( ١١: ٣٨، ٤٤؛ ١٩: ٤٠).

## ٢- نوسەر شایەتحاڵ بوو .

نوسەر کارەکانی عیسای بە چاوی خۆی بینی . ئەو کات و ساتی ڕوداوەکان باس دەکات و چەندین جار ئاماژە بەکاتێکی دیاریکراو دەکات . لەبەرئەوەی ئەو لە کۆتاییەکانی سەدەی یەکەمی زایینی بۆ نەتەوەکان دەنوسێت ، ڕەنگە شێوازی ڕۆمانی بەکارهێنابێت لە ژمارەدا ؛ ئەو سەرەتا بە نیوەشەو یان دوانیوەڕۆ دەستپیدەکات . بۆ وێنە ئەو باسی چاوپێکەوتنی لەگەڵ عیسا دەکات بۆ یەکەمجار لە ڕۆژی دواتری لەئاوهەڵکێشانی عیسادا . کە کاتژمێر دەی ئەوکاتە بوو ( ١: ٣٥، ٣٩)؛ واتە نزیکەی کاتژمێر دەی سەرلەبەیانی .
ئەو هەروەها باسی ئەو وشانە دەکات کە عیسا بە شیمۆنی وت کاتێ ناوی لێنا پەترۆس ( ١: ٤٢)، وە هەمان ئەو وشانەی کە عیسا بە

قوتابیەکانی دیکەی وت کاتێ بانگی کردن ، وە هەمان ئەو وشانەی کە عیسا لە چەندین وتاریدا پێشکەشی دەکرد. لە ڕاستیدا ئینجیلی یۆحەنا ئەوە لە خەیاڵماندا جێ ناهێڵێ کە تەنها یۆحەنا گوێی لە وشەکانی عیسا بوە ، بەڵکو ئەو بە سروش و ڕێکوپێکی نوسیویەتیەوە دوای ئەوەی گوێبیستی بوە. دووریش نیە هەموو وشەکانی عیسای لەدڵەوە لەبەرکردبن .

## ٣- نوسەر یەکێك بوو لە دوازدە نێردراوەکەی عیسا.

ئەو بە تەواوی وتەو کارو هەست و زانیاری قوتابیەکانی دەزانی . بۆ وێنە ، ئەو دەزانێ کە قوتابیەکان سەرسام بوونە کاتێ عیسا قسەی لەگەڵ ژنە سامیریەکە کردوە ( ٤: ٢٧)، وە ترساون کاتێ عیسایان بینیوە بەسەر ئاودا دەڕوات ( ٦: ١٩).

## ٤- نوسەر یۆحەنای نێردراوە.

### (أ) نوسەر بە هیچ شێوەیەك ناوی خۆی ناهێنێ .

ئەو بە خۆی دەڵێ : "ئەو قوتابیەی عیسا خۆشی دەوێ" . ئەو قوتابیەی کە لەسەر سنگی عیسا پاڵی دابوەوە لە ئێوارەخوانی کۆتاییدا ( ١٣: ٢٣) . ئەو وەك قوتابیەکی عیسا دەنوسێ و هەروەها وەك شایەتێکیش ئەوەی گوێی لێ بوەو بینیویەتی ( ٢١: ٢٠- ٢٤).

### (ب) نوسەر یەکێك بوو لە قوتابیە یەکەمینەکانی عیسا.

بە پێی ئەوەی هاتوە لە ئینجیلی یۆحەنا ١: ٣٥- ٤٠ وە ئینجیلی مەرقۆس ١: ١٦- ٢٠ ، قوتابیە یەکەمینەکانی عیسا ئەمانە بوون ئەندراوس و شیمۆن پەترۆسی برای ، وە یۆحەنا و یاقوبی برای . وە بەپێی ئەوەی هاتوە لە ئینجیلی مەتا ١٧: ١ پەترۆس و یاقوب و یۆحەنا بازنەیەکی ناوخۆیی بوون لە قوتابیەکانی عیسا . وە بە پێی ئەوەی هاتوە لە کرداری نێردراوان ١٢، هێرۆدس ی پاشا هەستا بە کوشتنی یاقوب . وە بە پێی ئەوەی هاتوە لە ئینجیلی یۆحەنا ٢١: ١٨- ١٩، پەترۆس ئەوکات ڕوداوەکەی بینیوە. لەبەرئەوە ، ئەو قوتابیەی پێدەچێ

ئەم ئینجیلەی نوسیبێتەوە هەروەها وەك شایەتحاڵێك و گوێبیستی ڕوداوەكان كە ڕویانداوە لەسەرەتاوە تەنها یۆحەنای نێردراوە !

**(ج) نوسەر كوڕی زەبدی یە .**

بەپێی ئەوەی هاتوە لە ئینجیلی مەتا ٢٧: ٥٦ و ئینجیلی مەرقۆس ١٦: ١ و ئینجیلی یۆحەنا ١٩: ٢٥ ، ڕەنگە دایكی ناوی سالومە بێت . لەوانەیە سالومە خوشكی مەریەمی دایكی عیسا بێت . ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ، یۆحەنا دەبێتە كوڕی پوری عیسا . وە پیش ئەوەی یۆحەنا ببێتە قوتابی عیسا ، شوێنكەوتەی یۆحەنای لەئاوهەڵكێش بوو . وە بە پێی ئەوەی لە بەشی یەكەمی ئینجیلی یۆحەنادا هاتوە ، ڕۆژێك دوای لەئاوهەڵكێشانی عیسا یۆحەنا چاوی بە عیسا كەوتوە . یۆحەنا بەردەوام بوە لە ماسی گرتن كە لە باوكیەوە ئەو پیشەیەی بۆ ماوەتەوە تاكو نزیكەی ساڵێك لە دوای شوێنكەوتنی عیسا . دواتر وازی لە پیشەكەی هێنا وەك ماسی گر و بوە "ڕاوچی مرۆڤ" ( لۆقا ٥: ١- ١١؛ مەتا ٤: ١٩).

**(د) یۆحەنا و یاقوبی برای كە بە توندوتیژ ناسراوبوون .**

عیسا بە "بوانەرگس" واتە كوڕانی هەورەتریشقە ناوی لێنابوون ( مەرقۆس ٣: ١٧). بۆ وێنە ، كاتێ ئینجیلی مەرقۆس ٩: ٣٨- ٤١ دەخوێنینەوە دەبینین یۆحەنا كەسێك ڕادەگرێت كە دەیویست بەناوی عیسای مەسیح خزمەت بكات چونكە یەكێك نەبوو لە قوتابیەكانی عیسا . وە كاتێ ئینجیلی لۆقا ٩: ٥١- ٥٦ دەخوێنینەوە دەبینین یۆحەنا داوای ئاگر دەكات لەئاسمانەوە بباریێ بەسەر یەكێك لە گوندەكانی سامیرەدا چونكە خەڵكەكەی میوانداری عیساو قوتابیەكانی ڕەتكردەوە.

**(هـ) یۆحەنا یەكێك بوو لەهەرە قوتابیە بەناوبانگەكانی عیسا .**

ئێمە لە هەر چوار ئینجیلەكەو كرداری نێردراواندا یۆحەنا دەبینین كە زۆربەی كاتەكان یاوەری مەرقۆسە . وە دوای هەستانەوەی عیسا ، یۆحەنا یەكێك لە سێ پایەكەی كڵێسا لە تەنیشت پەترۆس و یاقوبی برای عیسا (گەلاتیە ٢: ٩؛ كردار ١٥: ٦). وە كاتێ جولەكە شۆڕشی

دەستپێکردوە دژ بە ڕۆما لە ساڵی ٦٦ ی زایینی ، پێدەچێ یۆحەناو هەموو باوەڕداران ئۆرشالیمیان جێهێشتبێ . بە گوێرەی مێژووی کڵێسا یۆحەنا ڕۆیشتوە بۆ ئەفەسۆس و لەوێ ژیاوەو خزمەتی کردوە .

## (ب) شوێن و مێژووی نوسینەوەی ئینجیلی یۆحەنا

### ١- شوێنی نوسینەوەی ئینجیلی یۆحەنا .

بەپێی ئەوەی پیری کڵێسا ئیرینایوس وتویەتی ئەو پیرەی کە لە ساڵی ١٧٠ زایینی ژیاوە ، ئەوا ئینجیلی یۆحەنا لەو ماوەیەدا کە یۆحەنا لە ئەفەسۆس ژیاوە نوسیویەتی ( ئەو شارەش دەکەوێتە وڵاتێکەوە ئەمڕۆ پێی دەوترێ تورکیا ).

### ٢- مێژووی نوسینەوەی ئینجیلی یۆحەنا .

### (أ) ئینجیلی یۆحەنا لە پێش ساڵی ١١٠ ی زایینی نوسراوە .

دوو بەش لە دەستنوسی کۆنی ئینجیلی یۆحەنا دۆزرانەوە ( یۆحەنا ١٨: ٣٤، ١٨: ٣٧- ٣٨) مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٠ زایینی . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئینجیلی یۆحەنا لە پێش ساڵی ١٣٠ زایینی نوسراوە. پیری کڵێسا ئیرینایوس نوسیویەتی : پۆڵسی نێردراو هەستاوە بە دامەزراندنی کڵێسا لە ئەفەسۆس . "وە یۆحەنا بە بەردەوامی لە نێوانیاندا بوە تا سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما تراجان". وە مێژوو نوسان پێمان دەڵێن کە تراجان لە نێوان ماوەکانی ساڵی ٩٨- ١١٧ زایینی حوکمڕان بوە . وە نوسراوەکانی پیری کڵێسا ئیگناتیۆس شایەتی دەدات کە ساڵی ١١٠ زایینی ئەو پیرە ئینجیلی یۆحەنای خوێندوەتەوە . پێدەچێ ئینجیلی یۆحەنا پێش کۆتایی سەدەی یەکەمی زایینی نوسرابێت .

### (ب) ئینجیلی یۆحەنا دوای ساڵی ٧٠ زایینی نوسراوە.

وەك تێبینیەك یۆحەنای نێردراو ئەوانە دووبارە ناکاتەوە کە لە سێ ئینجیلەکەی تردا نوسراون ؛ بەڵکو ئەو ئینجیلی نوسیوەتەوە وەك

ئەوەی زانیویەتی کە خەڵکی پێی ئاشنا بوونە لەو ئینجیلانەی دیکە .
ئەو ئەو بابەتانەی نوسیوە کە ئینجیلەکانی تر ئاماژەیان پێنەکردوە ، بە تایبەتیش ئەو شتانەی کە باوەڕی خەڵکی بە عیسای دەستنیشانکراو کە خودایە پەلکێش دەکات . لەبەرئەوە ، ئینجیلی یۆحەنا دەبێت دوای سێ ئینجیلەکەی دیکە نوسرابێت ؛ واتە دوای ساڵی ٦٣ زایینی . هەروەها یۆحەنا باسی هەندێ کەسی بەناوبانگ ناکات وەك هەردوو نێردراو پەترۆس و پۆڵس ، ڕەنگە ئەو کات ئەوان گیانیان بەخت کردبێت .
هەروەها باسی کەوتنی ئۆرشالیم ناکات یان وێران بوونی پەرستگا .
لەبەرئەوە پێدەچێ ئینجیلی یۆحەنا دوای چەند ساڵێك لە کەوتنی ئۆرشالیم واتە (دوای ساڵی ٧٠ زایینی) نوسرابێت .

**(ج) دەرئەنجام ئینجیلی یۆحەنا لە نێوان ساڵەکانی ٧٠ و ٩٨ زایینی نوسراوە .**

پیری کڵێسا ئیکلیمیندس ی ئەسکەندەری ، کە لە ساڵی ١٩٠ زایینی ژیاوە دەنوسێت ، تەنانەت دوای گەڕانەوەی یۆحەنا لە تاراوگەکەی لە ( دورگەی پەتمۆس ) ، دەستی کردوە بە خزمەتێکی کاریگەر و پیری کڵێساکان بوە لەو شوێنانەی دەکەونە سنوری ناوچەی ئەفەسۆس . بەڵام ئێمە ئەوە نازانین ئینجیلی یۆحەنا پێش دورخستنەوەی یۆحەنا بۆ دورگەی پەتمۆس یان دوای دورخستنەوەی نوسراوە . هەروەها ئێمە ئەوەش نازانین کە ئینجیلی یۆحەنا پێش یان دوای نوسینی سیپارەی بینین نوسراوە .

## (ج) دابەشکردنی ئینجیلی یۆحەنا

دەکرێ ئینجیلی یۆحەنا دابەش بکرێ بۆ دوو بەشی سەرەکی : خزمەتی گشتی عیسا ، وە خزمەتە تایبەتیەکەی . وە دەکرێ ئەم دوو بەشە دیسان دابەش بکرێ بۆ حەوت لقی دیکە .

**بەشی یەکەم : خزمەتی گشتی عیسا**
پێکهاتوە لە بەشەکانی ١ - ١٢ . وە دەکرێ ئەم بەشە بەسەر سێ لقدا دابەش بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە :
**لقی یەکەم : یۆحەنا ١ - ٦**

## پێش جەژنی کەپرەشینە (٧: ٢)

وشەکە ( عیسای مەسیح) خۆی ئاشکراکرد بۆ زۆرینەی خەڵکی ؛ بەڵام لە کۆتاییدا ڕەتیان کردەوە.

**سەرەتای خزمەتی گشتی عیسای مەسیح : یۆحەنا ١: ١- ١٤. لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ٢٦ ی زایینی تا ئەپریلی ساڵی ٢٧ ی زایینی ( چوار مانگ).**

* یۆحەنا ١: ١- ١٤ پێناسەی شکۆی وشەکە (عیسای مەسیح) دەکات لە سەرەتاوە پێش پەیدابوون ، وە کاتی ئەفراندنی جیهان ، وە دوای کەوتنی مرۆڤ بە هۆی گوناهەوە ، وە کاتی بەرجەستەبوونی خۆرسکی مرۆڤانەی عیسای مەسیح .
* یۆحەنا ١: ١٥- ٢: ١٢ پێناسەی وشەکە (عیسای مەسیح) دەکات کە ئەو خۆی ئاشکرا دەکات بۆ یۆحەنای لەئاوهەڵکێش و قوتابیە یەکەمینەکانی .

نۆبەرەی خزمەتی عیسای مەسیح لە یەهودیا . یۆحەنا ٢: ١٣- ٤: ٤٢. لە مانگی ئەپریلی ساڵی ٢٧ ی زایینی تا دیسەمبەری ساڵی ٢٧ ی زایینی ( هەشت مانگ).

* یۆحەنا ٢: ٢٣- ٣: ٣٦ پێناسەی وشەکە (عیسای مەسیح) دەکات کە ئەو خۆی ئاشکرا دەکات بۆ کۆمەڵێك لە ئۆرشالیم لە نێوانیاندا نیقۆدیمۆس .
* یۆحەنا ٤ پێناسەی وشەکە (عیسای مەسیح) دەکات کە ئەو خۆی ئاشکرا دەکات بۆ سامیریەکان .

خزمەتی گەورەی عیسای مەسیح لە جەلیل . یۆحەنا ٤: ٤٣ – ٦: ٧١. لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ٢٧ ی زایینی تا ئەپریلی ساڵی ٢٩ ی زایینی ( شازدە مانگ).

* یۆحەنا ٤: ٤٣- ٥٤ پێناسەی وشەکە ( عیسای مەسیح ) دەکات کە ئەو خۆی ئاشکرا دەکات بۆ دانیشتوانی جەلیل.
* یۆحەنا ٥ پێناسەی ڕەتکردنەوەی وشەکە ( عیسای مەسیح ) دەکات لە یەهودیا دوای پەرجوی بەیت سەیدا .
* یۆحەنا ٦ پێناسەی وشەکە ( عیسای مەسیح ) دەکات لە جەلیل دوای تێرکردنی پێنج هەزار کەس .

**لقی دوەم : یۆحەنا ٧- ١٠**
**لە جەژنی کەپرەشینەوە تا جەژنی نوێکردنەوەی پەرستگا**

لەم بەشەدا وشەکە (عیسای مەسیح ) گوناهباران بانگ دەکات تاکو تۆبە بکەن لە گوناهەکانیان .

<u>خزمەتی عیسای مەسیح لە جەلیل و مانەوەی لەوێ . یۆحەنا ٧: ١- ٩. لە مانگی ئەپریلی ساڵی ٢٩ ی زایینی تا مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٩ ی زایینی ( شەش مانگ).</u>

* یۆحەنا ٧: ١- ٩ پێناسەی وشەکە (عیسای مەسیح ) دەکات کە ئەو لە جەلیل دەگەڕا. بەڵام لە کۆتاییدا بە نهێنی دەڕوات بۆ یەهودیا.

<u>خزمەتی عیسای مەسیح دواتر لە یەهودیا . یۆحەنا ٧: ١٠- ١٠: ٣٩. لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٩ ی زایینی تا دیسەمبەری ساڵی ٢٩ ی زایینی ( دوو مانگ).</u>

* یۆحەنا ٧: ١٠- ٥٣ پێناسەی گفتوگۆی ( عیسای مەسیح ) دەکات لەگەڵ کۆمەڵێك لە پەرستگا کاتێ فەرموی " ئەگەر یەکێك تینووی بوو با بێتە لام و بخواتەوە. ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت ، وەك نوسراوەکە فەرمویەتی ، لە ناخیەوە ڕوبارەکانی ئاوی زیندوو دەڕوات "(٧: ٣٧- ٣٨).

* یۆحەنا ٨: ١- ٥٩ پێناسەی گفتوگۆی عیسای مەسیح دەکات لەگەڵ ئەو ژنەی کە لەکاتی داوێن پیسیدا دەستگیرکرابوو وە پێی فەرموو : " بڕۆ ئیتر گوناهـ مەکە " ( ٨: ١١). هەروەها پێناسەی گفتوگۆی عیسای مەسیح دەکات لەگەڵ کۆمەڵەکەداو پێیانی فەرموو : " منم ڕوناکی جیهان . ئەوەی دوام بکەوێت هەرگیز بە تاریکیدا ناڕوات ، بەڵکو ڕوناکی ژیانی دەبێت. " ( ٨: ١٢).

* یۆحەنا ٩: ١٠ ١ ٤١ پێناسەی گفتوگۆی عیسا دەکات لەگەڵ ئەو پیاوەی بە زگماك نابینا بوو کاتێ پێێ فەرموو: " باوەڕ بە کوڕی خودا دەکەیت ؟... ئەوەی بینیت و ئەوەی لەگەڵت دەدوێ ، ئەوە خۆیەتی !"(٩: ٣٥، ٣٧). * یۆحەنا ١٠: ١- ٣٩ پێناسەی گفتوگۆی عیسای مەسیح دەکات لەگەڵ فەریسیەکان و قوتابیەکان کاتێ پێیانی فەرموو : " منم شوانە دڵسۆزەکە ، شوانی دڵسۆزیش ژیانی خۆی بۆ مەڕەکانی دادەنێت. ... مەڕەکانم گوێ لە دەنگم دەگرن ، منیش دەیانناسم و دوام دەکەون " (١٠: ١١، ٢٧).

**لقی سێ یەم : یۆحەنا ١٠: ٤٠- ١٢: ٥٠**

**دوای جەژنی نوێکردنەوەی پەرستگا (١٠: ٢٢)**

لەم لقەدا ، وشەکە (عیسای مەسیح ) بە ڕوونی ڕایدەگەیەنێ کە ئەو مەسیایە (دەستنیشانکراو) لە ڕێگەی دوو پەرجوی مەزنەوە : "هەستانەوەی لەعازەر لە مردن ، وە بە سەرکەوتنەکەوە چوونی بۆ ناو ئۆرشالیم ".

<u>خزمەتی عیسای مەسیح لە بیریە . یۆحەنا ١٠: ٤٠- ١١: ٥٧. لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ٢٩ ی زایینی تا مانگی ئەپریلی ساڵی ٣٠ ی زایینی ( چوار مانگ).</u>

* یۆحەنا ١١: ١- ٤٤. عیسا گەشتێکی ئەنجامدا بەرەو ئەو بەری ڕوباری ئوردون بۆ بەیت عەنیا نزیکی ئۆرشالیم بۆ هەستانەوەی لەعازەر لە مردن.

* یۆحەنا ١١: ٤٥- ٥٧ پێناسەی کۆبونەوەی سەرانی جولەکە دەکات لە تەگبیرکردنیان بۆ کوشتنی عیسا . * یۆحەنا ١٢: ١- ٥٠ پێناسەی

چەورکردنی عیسا لە بەیت عەنیا و چوونی بە سەرکەوتنەوە بۆ ناو ئۆرشالیم دەکات .

## بەشی دوەم : خزمەتی تایبەتی عیسا

کۆتا خزمەتی عیسای مەسیح . یۆحەنا ١٣: ٢١. لە مانگی ئەپریلی ساڵی ٣٠ ی زاییینی تا مانگی مایۆی ساڵی ٣٠ ی زاییینی (حەوت هەفتە).

بەشەکانی ١٣ تا ٢١ لە ئینجیلی یۆحەنا پێناسەی ئەم خزمەتە دەکات . ئەم ڕوداوانە لە کۆتا حەوت هەفتەی ژیانی عیسا لەسەر زەوی ڕویاندا . دەکرێ ئەم ڕوداوانە دابەش بکرێ بەسەر ئەم چوار لقەی خوارەوەدا :

**لقی چوارەم : یۆحەنا ١٣**
**ئێوارەخوانی کۆتایی**

عیسا ڕاسپاردەیەکی نوێ پیشکەش دەکات بەوەی هەر یەکێك ئەوەی دیکەی خۆش بوێ . عیسا خۆشەویستی و ساکاریەکەی دەرخست بە شتنی پێی قوتابیەکانی .

**لقی پێنجەم : یۆحەنا ١٤ـ ١٧**
**وتاری عیساو نوێژەکەی لە ئێوارەخوانی کۆتاییدا**

* لە بەشی ١٤ لە ئینجیلی یۆحەنا ، عیسا دڵنەوایی قوتابیەکانی دەکات و بەڵێنی ئامادەبوونی ڕۆحی پیرۆزیان دەداتێ کە لە نێوانیان دەبێت بۆ هەمیشەیی و هەڵدەستن بە کاری مەزنتر لەوەی خۆی پێی هەستاوە .
* لە بەشی ١٥ لە ئینجیلی یۆحەنا ، عیسا قوتابیەکانی هاندا لە خۆیدا بچەسپێن ، وە ڕێگە بدەن کە وشەکانی هەمیشە لەناویاندا جێگیر بێت ، هەروەها لەسەر نوێژ کردن و بەرهەمدان ، وە لە خۆشویستنی یەکتر ، وە ملکەچ بوونیان بۆ ڕاسپاردەکانی وە ببنە شایەتێکی زیندوو بۆی لە هەموو جیهاندا .

* له بەشی ١٦ له ئینجیلی یۆحەنا ، عیسا بەڵێن دەدات به قوتابیەکانی که لەگەڵیان دەبێت ، وه ڕۆحی پیرۆز دەنێرێ بۆیان و له دوای هەستانەوەش چاویان پێی دەکەوێتەوە .
* له بەشی ١٧ له ئینجیلی یۆحەنا ، عیسا نوێژ دەکات له پێناوی خۆیدا (١- ٥) وه له پێانوی قوتابیەکانی ( ٦- ١٩) ، وه له پێناوی کڵێسادا له جیهان ( ٢٠- ٢٦).

**لقی شەشەم : یۆحەنا ١٨ و ١٩**
**ئازارەکانی عیسا**

* له بەشی ١٨ له ئینجیلی یۆحەنا ، عیسا دەستگیردەکرێت و لەبەردەم حەنان دادگایی دەکرێت. وه لەم بەشەدا ئەوەش دەخوێنینەوە که پەترۆس بۆجاری یەکەم نکۆڵی دەکات ، وه لەبارەی دادگایی کردنەکەی عیسا لەبەردەم قەیافا ، وه نکۆڵی کردنی پەترۆس بۆ جاری دوەم و سێ یەم ، وه دادگایی کردنی عیسا لەبەردەم پیلاتۆس . * له بەشی ١٩ له ئینجیلی یۆحەنا ، دەخوێنینەوە دەربارەی چەوسانەوەی عیسا لەلایەن سەربازەکانی ڕۆم ، وه لەبارەی لەخاچدانی لەو شوێنەی که پێی دەوترێ "گولگۆسا" یان "شوێنی کاسەسەر" . هەروەها دەخوێنینەوە لەبارەی مردنی ، وه هەستانی یوسفی خەڵکی ڕامەو نیقۆدیمۆس به ناشتنی له گۆڕێکی نوێدا که پێشتر کەسی تێدا نەنێژرابوو.

*** لقی حەوتەم : یۆحەنا ٢٠ و ٢١**
**هەستانەوەی مەسیح و دەرکەوتنەکانی**

* له بەشی ٢٠ له ئینجیلی یۆحەنا ، دەرکەوتنی عیسا بۆ مەریەمی مەجدەلی ، وه بۆ قوتابیەکانی ( جگە له تۆماس ) . وه دوای هەفتەیەك جارێکی دیکەش بۆ قوتابیەکانی دەرکەوتەوە (له نێوانیاندا تۆماس). وه له یۆحەنا ٢٠: ٣٠- ٣١ ، ئامانجی نوسەری ئەم ئینجیله ڕوون دەبێتەوە .
* له بەشی ٢١ له ئینجیلی یۆحەنا ، عیسا دەردەکەوێت بۆ حەوت له قوتابیەکانی له دەریاچەیەی تەبەریه له جەلیل وه ڕێنمایی پەترۆس دەکات . پاسان نوسەر کۆتایی به ئینجیلەکەی دەهێنێ به شایەتیدانی

کۆمەڵێ لە خەڵکی دەربارەی ڕاستی و دروستی ئەو شتانەی نوسیویەتی لە ئینجیلی یۆحەنادا.

## (د) مەبەستی ئینجیلی یۆحەنا و بیرۆکە سەرەکیەکەی

یۆحەنای نێردراو مەبەستی لە نوسینەوەی ئەم ئینجیلە لە یۆحەنا ٢٠: ٣٠- ٣١ دا ڕوندەکاتەوە. مەبەستی ئەو ئەوەیە خوێنەران بەردەوام بن لە باوەڕ بە عیسا کە مەسیایە دەستنیشانکراو ( مەسیای چاوەڕوانکراو ئەوەی بە درێژایی مێژووی پەیمانی کۆن لە چاوەڕوانی هاتنیدا بوون ) ، وە ئەو کوڕی خودایە ( واتە خودای تەواو ؛ بڕوانە کۆلۆسی ١: ١٥؛ ٢: ٩). هەروەها ئەو دەیەوێ بۆ خوێنەرانی ڕونبکاتەوە کە لە ڕێگەی باوەڕهێنان بە عیسای مەسیح ، ژیانی هەتاهەتایی بەدەست دەهێنن لە عیسای مەسیحدا بە خەسڵەتەکانی و تاقانە بوونی لە نێوەندگیریی نێوان خوداو مرۆڤ.

ئینجیلی یۆحەنا تەنها ئینجیلێکە کە ئەو ڕوداوانەی باسی کردون لە هیچ کام لە سێ ئینجیلەکەی دیکەدا نین . ئەمانەی خوارەوە هەندێ نمونەن لەمبارەیەوە :

لە بەشی یەکەم ، عیسای مەسیح دەردەخات بە خەسڵەتە خوداییەکەی کە بوە بە مرۆڤ . واتە عیسای مەسیح خودای نەبینراوە و لە شێوەی مرۆڤ دەرکەوت .

لە بەشی سێ یەم ، عیسای مەسیح دەردەخات بۆ نیقۆدیمۆس بەوەی کوڕە تاقانەکەی خودایە کە لەڕێگەیەوە ژیانی هەتاهەتایی دەبەخشێ بەوانەی باوەڕی پێ دەهێنن .

لە بەشی پێنجەم ، عیسای مەسیح دەردەخات بۆ فەریسیەکان ، کە باوکی ئەو خودایە ، وە یەکسانە بە خودا ( ٥: ١٧- ١٨).

لە بەشی حەوتەم ، عیسای مەسیح دەردەخات بۆ کۆمەڵێك لە ئۆرشالیم کە ئەو تاقە کەسێکە دەتوانێ تینویەتی ڕۆحی پاراو بکات بۆ هەموو مرۆڤەکان ( ٧: ٣٧- ٣٩).

لە بەشی هەشتەم ، عیسای مەسیح دەردەخات بۆ ڕابەرە ئاینیەکانی جولەکە ، کە ئەو تاقە کەسێکە دەتوانێ مرۆڤ ئازاد بکات لە گوناهەو مردن . وە ئەو خۆی بێگوناهە ، وە هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ ناهێنن لەناو گوناهەکانیاندا دەمرن (٨: ٢٤، ٤٦).

له بەشی دوازدەهەم ، عیسای مەسیح دەردەخات بۆ جەماوەر ، کە ئەو پاشایەیە هەموو جیهان ڕادەکێشێ بۆ خۆی ( ١٢: ١٣، ٣٢).
له بەشی سیازدەهەم ، دەبینین خودای باوك هەموو شتێکی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی عیساوە ( ٣: ٣٥؛ ١٣: ٣) . وە لێرەدا بە ڕوونی دەبینین هەرکەسێك پێشوازی لە عیسا بکات ، پێشوازی لە خودای باوك کردوە کە ناردویەتی ( ١٣: ٢٠).

| ٥ | نوێژ (هەشت خولەك) نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت |
|---|---|

**به نۆره نوێژ بکەن** ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

| ٦ | ئەرکی ماڵەوە ( دوو خولەك ) بۆ وانەی داهاتوو |
|---|---|

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا پێشەکی ئینجیلی یۆحەنا.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ئینجیلی مەرقۆس 8: 1- 11: 19 . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : خۆشەویستی : مەرقۆس ١٢: ٣٠-٣١. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).
٦- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە.